# ئایا کۆمەڵ شەهیدیان نەبوو تا لە پەرلەمان شایەنی دەقیقەیەك ڕێز بن؟!

**ئاسۆ عەبدوللەتیف**

هەمیشە گوتاری ئیسلامیەکان یان وەعزە یان ئیرشاد، بەدوای لاوازترین سەرزەمیندا ئەگەڕێن تاوەکو پیاسەیەکی تێدا بکەن، تەنانەت دنوکیان بۆ خۆشیان تیژەو هەمیشە مەیلی خوێن ئەکەن، وە ئەم مەیلە مێژوویەکە درێژکراوەی دەسەڵاتی موعاویەویەزیدو شەرە خوێناویەکانی ئەوکاتە، ئاخر ئەم سەردەمە کەی سەردەمی ئەوەیە خەڵك بێباوەرکەیت لەدین و تەنانەت گومان لەسەر حیزبە ئیسلامیەکانیش بکەیت، هەموو ئەساڵەت وشەرعیەت و میراتێکی ئیسلامی بگەڕێنیتەوە بۆ مێشکی خێڵەکیانەی خۆت و جەهل وخورافەو ئینحیراف و کوفریش وەك شوناسێك بدەیتە بەرانبەرەکەت، سۆران عومەر ناوێك وەعزە ووتارێکی سەیر ئەمان سەیری پێشکەش کردوە گوایە هەڵنەسانەوەی م عەلی باپیر بۆ ڕێزگرتنی شەهیدان  لە پەرلەمان لە کاتی سوێندخواردنی بارزانیدا هەڵوێستێکی شەرعیەو گەرانەوەیە بۆ ئسولڵ و حاکمیەتی دین و ئەم هەڵوێستەش سەرنجی عەلمانیەکانی راکێشاوە، بەبێ ئەوەی عەلمانیەکان تاقە لێدوان و بەیاننامەیەکیان لەوبارەیەوە دەرکردبێت، ئەو قسانەی ئەو موجاهیدەش من لە سایتێکی چەپی شۆڕشگێرو بوێری وەکو دەنگەکانەوە بینیم نەك چەناڵێکی ئیسلامی کە هەرلە ووتاری جومعە ئەچێ وەك بڵێیت تازە سروش و وەحی بۆ هاتبێت بە (ئومێد ئەکەم) قسەئەکات وئامۆژگاریەکانی ریز ئەکات و کۆتایی بە ووتارەکەی ئەهێنێت... هاتوە بە شان و باڵی م عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی و پێی دەڵێ: خوای گەورە سەربەرزترو بەرێزترت بکات بۆ ئەو هەڵوێستە شەرعیەی کە نواندت لە هەڵنەسانەوەت بۆ بەناو ڕێزگرتن لە شەهیدان لە ناو پەرلەمانی تەرکیب کراوی کوردستان دا ؟! باشە ئەبێت لۆژیك چی بێت لەم قسە بێ بنەمایەدا کە تۆ بێ پەروا ئەیکەیت ، جگە لە خۆدەرخستنێکی فزولیانەی بێ ئەنجام؟ ئەی بۆ ناپرسیت ئەندام پەرلەمانەکانی لیستی مامۆستاوکۆمەڵ کە فرسەخێك لێیەوە دووربون لە دانیشتنەکەدا ئەوانیش هەڵوێستی ئەمیرەکەیان وەرگرت و جوڵەیان نەکرد ؟ یان بەرزە پێ هەستانەوە، بێگومان بەرزەپێ هەستانەوەو ناش توانن هەڵنەسنەوە چونکە پەرلەمان نە مقەری حیزبە نە زەردەهاڵ و بیارەشە؟! لەوکاتەی کە سەرجەم گروپ و حیزب و ئایدیاو ئاین و مەزهەبەکان بێ جیاوازی لە ساتەوەختێکی کەرنەڤاڵیدا رێز لە شەهیدەکانی خۆیان ئەگرن ئەی رۆحیانەتی شەهیدە غەریبەکانی کۆمەڵ چی بەتایبەتی ئەوانەیان بە ساروخەکانی ئەمریکا لە پرۆسەی ئازادی عیراقدا کوژران وشەهید بوون لە خورماڵ و ئەحماواو زەردەهاڵ؟!
ئەم عەبدی خودایە کە وا قسان ئەکات کە خۆی بە لوتفداری خودا و هەڵبژێردراو ئەزانێت نوسین و ووشەی بێ بەها کردوە و نایەوێت ئەو راستیە بزانێت کەپەرلەمان هەڵبژێردراوی خەڵکەو پشکی ئیسلامیەکانیشی تێدایە و شەهیدیش سومبولێکی مەعنەوی و رۆحی میللەتێکەو سەرمایەیەکی رەمزیەو کەس ناتوانێت بێرێزی بەرانبەر بکات.

بۆیە بەو موتڵەقیە ئاخاوتن لەجەهل زیاتر چیتر نیە و مامۆستاش لەگەڵ رێزمدا بۆی بە و هەڵوێستە لاوازو کەمخوێنەی کە نواندی لە پەرلەمان گەورەترین سوکایەتی بە خودی شەهیدەکۆنەکانی خۆیان (بزوتنەوەی کۆن وکۆمەڵ ) کرد چونکە کاك عەدنان موفتی نەی گوت دەقیقەیەك وەستان بۆ شەهیدانی یەکێتی و پارتی بەڵکو هەموو شەهیدانی خستە رستەیەکەوە، مەگەر ئیسلامیەکان بەتایبەت کۆمەڵ کە کاك سۆران ئەمیرەکەیانی کردوە بە قودوە شەهیدیان نییەوخۆیان بە خاوەن شەهید نازانن و مافیشیان نییە رێز لە شەهیدەکانیان لێبگیرێت بە تەنها دەقیقەیەکیش بێت ؟ ئافەرین ئەی فیقهی موازەنەی سەردەم ئەی قەڵەمێك کە نازانی چی ئەڵێیت.

ئینجا تۆ لەکوێی هەرەمی دەسەڵاتە ئیسلامیەکاندای تاوەکو موجامەلە ببەخشیتەوەودرزو ناکۆکی دروست بکەیت، گروپە پەرلەمانتاریەکەی کۆمەڵ ئەگەر بیانزانیبا ئەمیرەکەیان ئەوەندە لەش قورسە و پەندی لە رابردوو وەرنەگرتوە هەرزوو ئەیانتوانی بایکۆتی ئەو دانیشتنەی پەرلەمان بکەن و نەیەنە ژوورەوە بۆ پەرلەمانێك کە تۆ بەو شێوە جەهەننەمیە باسی ئەکەیت و باوەرت پێی نیەو بە پەرلەمانی نەفامی و سەنەم و لادەر لە ئسولی دینی ئەزانیت، بەڵام بۆ نەیانکرد؟ لەگەڵ ئەوەی کە ئەشزانین پەرلەمان دونیایەك کێشەی شەرعیەت و حیزبایەتی و تاکرەوی ئایدۆلۆژی هەیەو خەتەرێکی گەورەیە لەم بوارەدە بەئاستەمیش وەسف و سوپاسی بکەین بەڵام نەك بەو پێوەرە فریشتەو شەیتانیانەی تۆ.

ئەوەشی کە تۆ ناوێریت ناوی بهێنیت و بە حیزبە لادەرە بەناو ئیسلامیەکانی ئەزانیت وەکو یەکگرتوی ئیسلامی کە خۆت لە ناوەکەی ئەبوێریت هەڵوێستیان زۆر شکۆمەندانەیە بەرانبەر نەتەوەوئاینەکەیان، بۆیە ناکرێت بەو مەنتیقە قسە بکەین لە سەر هەڵوێستێکی وەهاو وە ئەو هەڵوێستەش هیچ پەیوەندی بەدین وعیبادەت و مەسەلەی هاوبەش دانانەوە نەبوو کە مامۆستا نواندی ئەوەندەی راستکردنەوەی هەندێ هەنگاوی لاوازو دروشم و تەسفیە حسابێکی کۆن بوو نەك شتی تر...